پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- سەردانی کردم؛ بە پێوە (ئاوی) خواردەوە لە دەمی کوندەیەکی هەڵواسراودا، بۆیە منیش هەستام دەمی کوندە (ئاوەکەم) پڕی

لە کەبشە کچی سابت خوشکی حەسانی کوری سابت -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- سەردانی کردم؛ بە پێوە (ئاوی) خواردەوە لە دەمی کوندەیەکی هەڵواسراودا، بۆیە منیش هەستام دەمی کوندە (ئاوەکەم) پڕی».

[صەحیحە] [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە - تورموذی گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

کەبشە کچی سابت -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- سەردانی کردم؛ بە پێوە (ئاوی) خواردەوە لە دەمی کوندەیەک کە هەڵواسرا بوو، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بە پێوەی ئاوی خواردەوە چونکە ئەمە تاکە شێواز بوو بۆ ئاو خواردنەوە (بەهۆی ئەوەی کوندەکە هەڵواسرا بوو وئەگەر ئاوی زۆری تێدا بێت هەڵگرتنی وپاشان بخرێتەوە شوێنی خۆی کارێکی ئاسان نییە)، (کەبشە) دەڵێت: هەستام ودەمی کوندەکەم پڕی بۆ ئەوەی شوێنەواری دەمی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بپارێزم بۆ تەبەروک کردن و بۆئەوەی بیپاێزرێت لە بەکارهێنانی ناڕەوا.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/4301